

شێوە بورهان

یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# پێشمەرگە دەرگای بۆم کردەوە تا خەونی وەرزشیم بەدی بهێنم

*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە ئێستادا چۆن دەبینی؟**

- دەتوانم بڵێم بەداخەوە لە ئێستادا یاریی باڵە هەر لە شوێنی خۆیدا چەقی بەستووە و بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە نەبینیوە، یانەکانیش روویان لە کەمی کردووە بەتایبەت لە شاروشارۆچکەکان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوو پێش نەچێت؟**

- هۆکارێکی سەرەکییە، چونکە وا لە یاریزان دەکات دوای ئەم هەوڵ و ماندووبوون و مەشقکردنە پشتگوێخستنی کاری تایبەتی خۆی بۆ راهێنانەکان دواتر یاریزان بێ هیوا دەبێت کە خولێك نەبێت کە ئاستی خۆی و تیپەکەی تێدا دەربخات ئەوەش بێگومان کاریگەری زۆری دەبێت لە سەر ئاستی یاریزانان و تیپەکانیش.

*** وەکو یاریزانێك پێتوایە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- گرنگیی زیاتر بە یاری باڵە بدرێت، هیچی تر پشتگوێ نەخرێت وەکو یارییەکانی تر بە شێوەیەکی سەرەکی ببینرێت، رێگە خۆش بکەین بۆ ئەو کەسانەی کە خەونی یاریی باڵەیان هەیە بۆیان بێتەدی.

*** گرفتی یاریی باڵە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی فێرگەی تایبەت بە یاری باڵە و کەمیی کەسانی شارەزا، هۆکارێکی سەرەکیش قەیرانی داراییە کە بەرۆکی هەموو یانە و یاریزانانی گرتووە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- نەخێر، هیچ گرێبەستەکم پێشکەش نەکرا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خول و پاڵەوانیەتی کەمە و نەبینینی ئاستی یاریمان لەلایەن یانەکانی ترەوە هۆکارە بۆ ئەوە.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- وەکو کچە یاریزانێك کە لە یاری باڵەدا دەستم بە ژیانی وەرزشیم کردووە، داهاتووی خۆم زۆر بە گەشبینی دەبینم و دەمەوێت لە ئایندە دا ئاستێکی وەهام هەبێت لە یانە بەهێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوە یاری بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بۆ پێشکەوتنی یاریی باڵە لە کوردستان ئەگەر کەسانی پسپۆڕ و یاریزانی ئاست بەرزمان نەبێت، ئەوا ئاساییە، بەڵام کاتێك راهێنەر و یاریزانی ناوەخۆیی باش هەبێت پشت بەخۆمان ببەستین باشترە.

*** چۆن بوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

- دەتوانم بڵێم یانەی پێشمەرگە منی دروست کرد، پێشمەرگە دەرگای بۆ شێوە کردەوە تا بتوانێ خەونی وەرزشی خۆی وەك کچێك کە یاری باڵەیە

**تیپی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە لە شاری سلێمانی گرنگی زۆر بە سەرجەم یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری شاری سلێمانی تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە لە خولی باڵەی نایابی کوردستان و عێراق بکات، شێوە بورهان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری سلێمانییە و قوتابیی قۆناخی شەشی ئامادەییە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

■ دیمانە: کارزان کانەبی



بەدیّ بهێنێت و ئاستێکی باشی هەبێت.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئیتر گرنگی بە وەرزشی خانمان بدەن و سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت تا خانمان بتوانن بە خەون و ئامانجی خۆیان بگەن لە وەرزشدا.

*** خەونی وەرزشیت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- خەونی زۆر گەورەم هەیە و دەمەوێت ئاستێکی باش پێشکەش بکەم، باشترینی بوارەکەی خۆم بم و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی باڵەی کوردستان دابمەزرێ تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- بێگومان ئەوە خەونی منە وەکو یاریزانێکی باڵە کە کوردستان سەربەخۆ بێت و هەڵبژاردەیەکی هەبێت و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داوا نەکراوی؟**

- نەخێر، چونکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەبێت خولی عێراقی نەکراوەتەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییەی بۆ وەرزش، بەهیوام زیاتر خانمانی وەرزشکار بەسەربکەنەوە تا لە ڕێگەی گۆڤارەکەی ئێوە دەنگ و قسەی خۆیان هەبێت.





# تۆتنهام
# ئەستێرەیەکی لە دەستدا

یانەی تۆتنهام گورزێکی کوشندەی بەرکەوت و هاری کەینی هێرشبەر و ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە یاریگاکاندا دادەبڕێت.

لە دوایین یاری تۆتنهام لە خولی ئینگلیزی بەرانبەر یانەی مانچێستەر یونایتد لە دوای تەواو بوونی یارییەکە پزیشکانی یانە لەندەنییەکە پێکانی هاری کەینی هێرشبەری یانەکەیان راگەیاند.

هەفتەی رابردوو کەین پشکنینی کۆتایی بۆ ئەنجامدرا و دەرکەوت ئەو یاریزانە تاوەکو مانگی سێی داهاتوو ناگەڕێتەوە نێو یاریگاکان.

بەمەش گۆڵکاری خولی ئینگلیزی ، کە تاوەکو ئێستا لە خولەکەدا ١٤ گۆڵی هەیە لە چەند یارییەکی یانەکەی دادەبڕێت و لە هەمووشیان گرنگتر لە یاری چوونی یانەکەی بەرانبەر برووسیا دۆرتموند لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دووردەکەوێتەوە، بەڵام بۆ یاری گەڕانەوەی خولەکە دەگەڕێتەوە نێو یاریگاکان.

## کاتی یاری کلاسیکۆ دەستنیشان کرا

بە فەرمی کاتی یاری گەڕانەوەی کلاسیکۆی ئیسپانیا لە نێوان ریال مەدرید و بەرشلۆنە دیاریکرا و یارییەکەش لە یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ بەڕێوە دەچێت.

رابیتەی لالیگا بڕیاریدا یاری کلاسیکۆی ئیسپانیا لە هەفتەی ٢٦ـەمی خولەکە لە رۆژی شەممە ٢٠١٩/٣/٢ لە یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ کاتژمێر ١٠:٤٥ شەو بە کاتی هەولێر بەڕێوە بچێت.

بەرشلۆنە لە یاری چوون لە کامپ نوو گۆڵبارانی رالو مەدریدی کرد و یارییەکەی بە پێنج گۆڵ بەرانبەر تاکە گۆڵێك بردەوە، لەو یارییەدا لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆروگوای هاتریکی تۆمارکرد، دوو گۆڵەکەی دیکەش لە لایەن کۆتینهۆ و ئارتورۆ ڤیدال تۆمار کران.



# دیبالا پێشبینی تەواو بوونی ساردەمی میسی و ڕۆناڵدۆ دەکات

پاولۆ دیبالا هێرشبەری یانەی یۆڤانتۆس لە لێدوانێکدا هیوای ئەوە دەخوازێت جارێکی تر هاوشانی پۆگبا یاری بکات، دەشڵێت: کریستیانۆ و مێسی هەمان ئاستی یەکتریان هەیە، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا مباپێ و نێیمار دەتوانن ئاستی ئەم دوو ئەستێرەیە تێپەڕ بکەن.


پاولۆ دیبالا لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەری تێلی فۆتی ئیتاڵیا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەمووان دەزانن کریستیانۆ بۆ یۆڤانتۆس چەند بەسوود و بە نرخە، پێموایە گەڕانەوەی پۆگباش بە هەمان ئەندازە سوودی دەبێت.

دیبالا گوتیشی: ماوەیەکی کەم هاوشانی پۆگبا لە یوڤی یاریم کرد، زۆر شتی لێ فێربووم، هیوادارم جارێکی تر بتوانم هاوشانی ئەو یاری بکەمەوە.

دیبالا دەشڵێت: کریستیانۆ و مێسی لە هەمان ئاستی یەکتردان، بەس پێموایە لە کورتترین ماوە نێیمار و مباپێ ئاستی ئەم دوو ئەستێرە تێدەپەڕێنن.

لە بارەی یارییەکانی قۆناخی ١٦ـی خولی یانەکانی ئەورووپا، دیبالا گوتی: ڕاستییەکەی ئێمە بەختمان نەبوو کاتێك ڕووبەڕووی ئەتلەتیکۆ مەدرید بووینەوە، بەڵام ئێمە خۆمان یەکلایی کردۆتەوە و هەموو شتێك لە پێناو خولی یانەکانی ئەورووپا دەکەین.





# پیتر چیک بڕیارە قورسەکەی دا

پیتەر چیك گۆڵپارێزی چیکی یانەی ئەرسێناڵ بە فەرمی لە کۆتایی ئەم وەرزە بەیەکجاری واز لە یاریکردن دەهێنێت.

ئەم گۆڵپارێزەی ئەرسێناڵ، کە پێگەی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی تیپەکەی دوای هاتنی بێرند لینۆ لەدەستداوە، لە تویتەر خۆی ڕایگەیاندووە ئەم وەرزە بیستەمین وەرزی یاریکردنیەتی و دوای ١٥ وەرز یاریکردن لە خولی ئنگلیزی لە کۆتایی ئەم وەرزە بە یەکجاری واز لە یاریکردن دەهێنێت.

چیکی ٣٦ ساڵ، کە ساڵی ٢٠٠٤ لە یانەی ڕێنی فەڕەنسیەوە پەیوەندی بە خولی ئینگلیزی کرد، دەڵێت تا کۆتایی ئەم وەرزە لەگەڵ ئەرسیناڵ بەردەوام دەبێت.


دوای ماوەیەکی درێژ یاریکردن بۆ چێلسی ئەم گۆڵپارێزە چیکیە لە ساڵی ٢٠١٥ پەیوەندی بە ئەرسێناڵیەوە کرد، کە توانیویەتی چوار نازناوی خولی ئینگلیزی و پێنج نازناوی جامی فا لەگەڵ چێلسی بباتەوە، لەگەڵ بردنەوەی نازناوێکی چامپیۆنزلیگ و یۆرۆپالیگ.

لەگەڵ بردنەوەی نازناوێکی جامی فا لەگەڵ ئەرسێناڵ لە ساڵی ٢٠١٧ و بردنەوەی دوو نازناوی قەڵخانی خێرخوازی.

# سەردار ساڵح لەگەڵ هیچ یانەیەک ڕێکنەکەوتووە

دوای ئەوەی سەردار ساڵح لەم وەرزەدا سەرپەرشتیی تیپی تۆپی پێی یانەی ئاشتی لە شاری سلێمانی کرد لە خولی یانەپلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لەگەڵ تیپەکە تەنیا توانییان تیپەکە لە خولی پلە یەك بهێڵنەوە، ڕاهێنەری یانەکەش دەستی لە مەشقی یانەی ئاشتی کێشایەوە، لەبارەی وازهێنانیش لە مەشقی یانەی ئاشتی سەردار ساڵح ڕاهێنەری پێشووی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هیچ هۆکارێك نەبووە بۆ ئەوەی من دەست لەکار بکێشمەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە وەرزی ڕابردوو هەموو هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی یانەکە لە خولی پلە یەك بهێڵمەوە، کاتێك تیپەکەم گرتە ئەستۆ لە بارودۆخێکی خراپدا بوو، ئەمساڵیش زۆر هەوڵمدا بۆ ئەوەی تیپەکە سەربخەم بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام نەمتوانی سەرکەوتوو بم، زۆریش خۆشحاڵ بووم لەگەڵ یانەکەدا و هیچ کێشە و گرفتێك لە نێوانماندا نەبووە، من هەوڵمداوە دڵی ئەوان خۆش بکەم، چونکە ماوەی دوازدە ساڵە لە خولی پلە یەکدان، منیش نەمتوانی ئەو کارە بکەم، بۆیە بڕیاری وازهێنانم داوە.» لەبارەی پەیوەندیکردنیشی بە یەکێك لە یانەکانی کوردستان گوتی: «تاکو ئێستا بڕیاری هیچم نەداوە کەوا پەیوەندی بە چ یانەیەکەوە بکەم بۆ هیچ خولێك، بۆیە لە ئێستادا دانیشتووم لەگەڵ هیچ یانەیەك کار ناکەم».





# ڕەنگە خەڵات ئەسعەد ببێتە گۆڵپارێزی زێرەڤانی

لە ماوەی ڕابردوودا بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی یاریی فوتساڵ لە ناو زانکۆکانی شارەکە، پاڵەوانێتی تۆپی فوتساڵی زانکۆکان لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك بەڕێوەچوو، خەڵات ئەسعەد یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی کوردستانە کە توانی نازناوی باشترین گۆڵپارێز بەدەست بهێنێت، لە ئێستاشدا چەند یانەیەك لە هەوڵی ئەوەدان گرێبەست لەگەڵ ئەم گۆڵپارێزە واژۆبکەن، (خەڵات ئەسعەد)ی گۆڵپارێزیش دەیەوێت بەر لە دەستپێکردنی خولی فوتساڵی نایابی کوردستان خۆی یەکلایی بکاتەوە، لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ ئەوەی کە خول کەم دەکرێتەوە، یاریی فوتساڵ پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە لە چاو یارییەکانی دیکە، هەرێمی کوردستان یاریزانی زۆر بەتوانا و ئاستبەرزی تێدایە و ڕۆڵی ئەوان دیارو بەرزە، یانەکانی شارەکانی کوردستانیش گرنگی زۆر بە یاریی فوتساڵ دەدەن لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەی هەرێمیش، بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ پێش بکەوێت، دەبێت گرنگیی زیاتر بە یاریی فوتساڵ بدرێت و بەرپرسانی وەرزشی زیاتر گرنگی بەم یارییە بدەن و پاڵپشت و هاوکاربن، هاوکات مووچەی یاریزانان دابین بکرێ و یاریزانانیش دانەبڕێن لە مەشق و ڕاهێنان، نەك یاریزان دابنیشێت، تاکو خول دەکرێتەوە، ئەوکات بێتە نێو خولەکە و دەست بە مەشق بکات، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ئاستی وەرزشیی نزم دەبێتەوە، هەروەها دەبێت گرنگیی زیاتر بەتوانای کچان بدرێت و خولیان بۆ بکرێتەوە و پشتگیرییان بکرێت.» سەبارەت بە یاریکردنیشی بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان لە یاری فوتساڵدا گوتی: «هەریەك لە یانەکانی زێرەڤانی و سێمیل و زانکۆی جیهان داوای یاریکردنیان لێم کردووە، بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا یارییان بۆ بکەم، بەڵام دەمەوێ یانەی زێرەڤانی هەڵبژێرم، چونکە لە من نزیکە لە زانکۆ و لە یانەیەکی دیاری کوردستانیشە، لە هەر یانەیەکیش یاری بکەم، دەمەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی ئاستی یانەکەم بەرز بکەمەوە و لەگەڵ ئەواندا نازناو بەدەست بهێنم، چاویشم لەوەیە لە خولەکانی کوردستان ئاستی بەرزتر پێشکەش بکەم».




# یانەی شەقڵاوە خۆی نوێ دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە ماوەی زیاتر لە دوو مانگە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش چاوی لەوەیە ئەم وەرزە بە هەر نرخێك بێت، یانەی شەقڵاوە بگاتە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، بۆیە یانەکە گرێبەستی لەگەڵ مستەفا بابازادە-ی ئێرانی مۆرکردووە، بۆ ئەوەی دۆخی تیپەکە بەرەو باشتر بڕوات، لەم بارەشەوە فەرهاد خەیات سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵ مستەفا بابازادەی ڕاهێنەری ئێرانی مۆرکردووە و دەمانەوێ ئەمساڵ تیپەکە سەربخەینەوە بۆ خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان.» گوتیشی: «ماوەی دوو مانگە دەستمان بە ئامادەکاری کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسول بزرگی کە ئێرانییە و چوار یاریزانی دیکەی دەرەوەی قەزای شەقڵاوەمان هێناوە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکەین و ئامانجەکەمان بپێکین.» لەبارەی کێشەوگرفتەکانیشیان گوتی: «نەبوونی بودجە گەورەترین کێشەیە بۆ یانەکەمان، جگە لەوەش بەرپرسان و دەوڵەمەندانی شارکەمان هاوکاریمان ناکەن، لای هەمووانیش ئاشکرایە وەرزش تەنیا پارە سەرفکردنە، وەکو کارگێڕیی یانەکەش بەردەوام دەبین لە خزمەتکردن بە یانەکەمان و پێکانی ئامانجەکەمان لە خولی پلە دووی یانەکانی کوردستان، هەموو کارێك دەکەین بۆ ئەوەی دۆخی تیپەکەمان چاك بکەین و بتوانین دڵی هاندەرانی شاری شەقڵاوە خۆش بکەین و یانەکەیان سەربخەیەنەوە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، لە تواناشماندا هەیە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین».